# ئەگەر دەریا پیر بێت

ئەدۆنیس
و: عەبدولکەریم شوانی



ئەگەر دەریا پیر بێت
بەیرووت ئەکا بەزەینی خۆی
هەموو ساتێ
خۆڵەمێش ئەیسەلمێنێ کە ئاییندەی
کورت کردۆتەوە،
سەفەر ئەکات،
لە هەنگاوەکانی خۆی دەرئەچێ و
ئەچێتە ناو خەونەکانیەوە.
هەرچەندێ حیکمەت پەروەردەی بکات
ئەزموون ئابرووی ئەبات.
نەخشە ئەکات،
بەڵام ئەیدڕێنێ.
دەرگاکەی داخست،
نەک بۆ ئەوەی خۆشییەکانی قۆڵبەست کات،
بەڵکو لەبەرئەوەی خەمەکانی ئازادکات،
خۆڵەمێشەکەی موفاجەئەی ئاگر ئەکات و
ئاگرەکەی موفاجەئەی کات ئەکات،
حاشا لەو شتانە ئەکات کە تەسلیمی ئەبن
ئەو شتانەی کە تەسلیمیی ئەبێ حاشای لێ ئەکەن.
رابردوو دەریاچەیە
بۆ تەنیا یەک مەلەوان: یادگاری.

دەریا کاتی نییە گفتوگۆ لەگەڵ لما بکات:
هەمیشە خەیاڵی لای شەپۆل دانانە.
نائویدی عادەتە، هیوا داهێنانە.
خۆشی باڵی هەیەو لەشی نییە،
خەم لەشی هەیەو باڵی نییە،
تەنیا بێ تاوان، خەونە
گەر رانەکا ناتوانێ بژی.
بیر، هەمیشە ئەگەڕێتەوە
شیعر هەمیشە سەفەر ئەکا.
نەهێنی جوانترین خانووە،
بەڵام بەکەڵکی دانیشتن نایەت
بەقسەکردنی زۆر زمان ژەنگ ئەگرێ،
چاو بەکەم خەوی ژەنگ ئەگرێ.
بۆ هەرکوێ سەفەر ئەکەی،
ناخت دوورترین جێگایە.
زوو برینداركرام و
زووش زانیم:
زام منی ئەفراند.
گوندێکی بچکۆلە ئەوە منالییە
لەگەڵ ئەوەشدا،
تخوبەکانی نابڕی
هەرچەند بچیتە ناو سەفەرەوە...
سەرچاوە:

adab. com موقع ادب

